# ئێوارەیەک بەناو شاردا

شیعری :-
حەمەشوان شەریف
کونگێلف-سوێد
hamashwan1@hotmail.com

گەڕامەوە بۆ باوەشی
شەقامێکی ئەم کۆڵانە

خەمی دوری غەریبیشم
لە گەڵ خۆما هێنایەوە
بۆ ئەو شارەی بە باڵئەفڕێ
بەئەسپای لەئاسماندا
من ئەسووتێم لەگەڵ چاوی
خەڵکانێکی بێئاکامدا

لەم شارەدا فرمێسک چاوی
هەمووانی گرتۆتەوە
نە درەختێ پێئەکەنێ و
نە چڵێ گوڵی گرتوە
نە سێبەرێک بەئارامی
لەسەرشانی بەرد نووستووە
ئەی هەتاوی دوای گزینگم
تۆ بۆخۆتت ماتکردووە
تۆ ببینە بەسەرشاردا
باران ئەگری بەتاو وخووڕ
گڕی شینی باوەگوڕگوڕ
بۆ * ئازادی هاتۆتە گڕ

*بۆ : پیاسەیەکم بەناو شاری کەرکوکدا پێشکەشە .